# هۆزی هەمەوەند لەنێوان شیعری کوردی و فارسیدا
# شیعری کلاسیکی کوردی و (مەسعوودنامە) وەک نموونە


ڕزگار تەیب محەمەد (ڕزگار جەباری)

بەشی میکانیک- کۆلێژی ئەندازیاری- هەرێمی کوردستان/ عێراق



**پۆختە:**

مێژووی هۆزەکان بەشێکن لە مێژووی گەلان. ئەمە بۆ مێژووی گەلی کورد زیاتر ڕاستە، چونکە ئێستاشی لەگەڵدا بێت، گەلی کورد لە ژمارەیەکی زۆر هۆز پێکهاتووە و هەوڵی مانەوەی هەژموونی خۆیان دەدەن. بەشێکیان لە مێژووی کوردستان و تەنانەت دەرەوەی جوگرافیای کوردستانیشدا ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە. وەکوو هۆزی هەزەبانی بە سەرکردایەتی سلاحەدینی ئەیوبی. هۆزی هەمەوەند لەو هۆزە کوردانەیە کە بەتایبەتی لە سەدەی ١٩ی زایینیدا بەشێوەیەکی بەرچاو دەرکەوتن و بەهۆی چالاکییەکانیانەوە کاریگەرییەکی زۆریان لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستاندا هەبووە. تا ئاستێک بەشێوەیەکی بەرچاو لە تۆمارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە. وەکوو: بەڵگەنامەکان، کتێبە مێژووییەکان، گەشتنامە، ڕۆژنامە و ساڵنامەکان. هەروەها یەکێک لەو سەرچاوانەش بریتییە لە شیعر.

کتێبی (مسعودنامە) کە بە شیعر و بە زمانی فارسی هۆنراوەتەوە، یەکێکە لەو سەرچاوانەی بەگشتی باسی بەشێکی مێژووی هەمەوەند دەگێڕێتەوە. گێڕانەوەکە لە ڕوانگەی ئەویتری نەیارەوە نووسراوەتەوە، بۆیە گێڕانەوەیەکی بێلایەنانە نییە. وێڕای ئەم کتێبە، لەم توێژینەوەیەکدا باسی هۆزی هەمەوەند لە سەرچاوە شیعرییە کوردییەکانیشدا بە هەردوو لایەنی ڕووانینی ئەرێنی و نەرێنیی شاعیارنی کورد بۆ ئەم هۆزە، دەخەینە ڕوو.



**پەیڤێن سەرەکی:** *هۆزی هەمەوەند، جوامێر ئاغا، شیعری کوردی، مەسعوودنامە*

**پێشەکی:**

بەدرێژایی نووســــینەوەی مێژوو، لەوانەش مێژووی گەلانی ڕۆژهەڵاتی نــاوین هاتووەتە ئاراوە، بە مێژووی گەلی کوردیشەوە؛ هەمیشە دوولایەنە نووسراوەتەوە. بەشێکی ئەو مێژووە لەلایەن خودی نەتەوەکە نووســــراوەتەوە و بەشــــی دووەمی لەلایەن گەلانی دیکەوە نووســــراوەتەوە، بەتایبەتی گەلانی داگیرکەر و ســــەردەســــتە. ئەڵبەتە ئەمە بۆ گەلی کورد زیـاتر بەوجۆرە بووە. چونکە بەدرێژایی مێژووی دوو (٢٥٠٠) ســــاڵ، هەم داگیرکراو و ژێردەستە بووە هەمیش تا سەرەتای سەدەی ٢٠ز جگە لە چەند هەوڵێک نەبێــت، مێژووی خۆی نەنووســــیوەتەوە، بەڵکوو گەلانی داگیرکەر مێژووەکەیــان نووســــیوەتەوە. بێگومـان ئەم مێژووە نووســــراوە، خـاڵی نییە لە دیـدی لایەنگرانە و سـایکۆلۆژیای سـەردەسـتانە، کە زۆربەی جار ئاوێزانە بە ڕق و سـووکبینین ئەوی دیکە. دەرهاوێشــتەی ئەم لایەنگیرییە ســەپاندنی کۆمەڵێک وەســفی ناپەســند بووە لە پێناو ناشیرینکردن و ڕووخاندنی مەعنەوییی گەلی ژێردەستە. لە دوتوێی ئەو مێژووەی گەلانی دیکە بۆ کورد نووســـیویانەتەوە وێنەی کوردیان دوور لە ڕاســـتیی کێشـــاوە و ڕوانینی ئەوتۆیان تێ خزاندووە کە جگە لە خورافە هیچ بنامەیەکی زانســتی و لۆژیکیان نییە. بۆ نموونە بانگەشــەی (جن)بوونی کورد، کە ڕیشــەیەکی دێرینی هەیە و لە نووســینی عەرەبیدا ئاخنراوەتە ناو باوەڕی ئایینییەوە. یان بەهۆی تێپەڕبوونی گەڕاڵ و گەڕیدەکانەوە بە ناو کۆمەڵەیەکی بچووکی ڕێگر لە کوردستـاندا، نالۆژیکانە وەسفی (ڕێگری)یان داوەتە پاڵ هەموو نەتەوەکە، کە ئەمە بڕیارێکی نالۆژیکی بووە.

هەمەوەنـد کە هۆزێکی کوردی بەنـاوبـانـگ بە ئـازایەتی و جەنگـاوەری و کۆمەڵێک ئەدگاری تایبەت بوونە، لە سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠ی زایینی بە هۆی چالاکییەکانیانەوە لە دژی بۆ هەردوو دەســـەڵاتی قاجاری و عوســـمـانی و دواتریش ئینگلیز، تەنـانەت جەنگی هۆزە کوردییەکـان و نێوخۆییش، زۆرترین هەواڵیـان لە ســـەرچاوە و بەڵگەنامەکانی ئەم دەوڵەتانەدا هاتووە. لەبەر ئەوەی ئەم هۆزە ملکەچی هەموو خواســـت و داواکانی ئەم دەســـەڵاتی بێگانە نەبوونە و لە بەرەنگاربوونەیاندا لەبەرانبەردا، بەزۆری تێکشــکاون، بۆیە لە تۆمارەکانیاندا پەنایان بردووەتە بەر وەســفی ناپەســند و کۆمەڵێک ئەدگار و ســیفەتی ناشــیرینیان داونەتە پاڵ. ئەمە لە ســەرچاوە شــیعرییەکانیشــدا وەکوو شــیعری کلاســیکی کوردی و فارســیشــدا ڕەنگی داوەتەوە. شـــیعری کلاســـیکی کوردی وێڕای ئاماژەی نەرێنی، ئاماژەی ئەرێنیش لەخۆدەگرێت. نموونەی بەرهەمی ئەدەبیی فارســی پەنای بردووەتە بەر زمانی داشــۆرین و ناشــیرینکردن. کتێبی مەنزوومەی (مەســعوودنامە)یە کە باســی قۆناغێکی مێژوویی ئەم هۆزە دەکات.

ئەویش بریتییە لە سەرهەڵدانی جوامێر ئاغای هەمەوەند تا لەناوبردنی. ئەم بەرهەمە لەم توێژینەوەیەدا دێتە ناساندن و پوختەی باسی ڕووداوەکان دەخەینە ڕوو. نووسەر کە لایەنگری دەسەڵاتی قاجارییە، خۆی بەدوور نەگرتووە لە ناشیرین پیشاندانی ئەم کەسایەتی و ئەم هۆزە کوردە. سەرنجمان خستووەتە سەر ئەو *دێڕانەی سەلمێنەری* ئەو ڕاستییەن کە نووسەر خەریکی دروستکردنی وێنەی ناشیرینە.

**سنووری توێژینەوە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە کە بریتییە لە باسی ڕەنگدانەوەی هۆزی هەمەوەند لە سەرچاوە شیعرییەکاندا، شیعری کوردی و فارسی دەگرێتەوە، لە ماوەی سەرهەڵدانی هۆزی هەمەوەند وەکوو کارەکتەرێکی بەهێز لە کوردستان هەردوو دیوی ڕۆژهەڵات و باشووردا، واتە سەرەتای سەدەی ١٩ز تا چارەگی یەکەمی سەدەی ٢٠ز.

**شێوازی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا وێڕای خستنەڕووی نموونە شیعرییەکان بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی، بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەی نموونە شیعرییەکان، میتۆدی وەسفی – شیکاری بەکارهێنراوە. کە ئامانج پۆلێنکردنیانە بۆ دوو جۆری ڕووانینی ئەرێنی و نەرێنی لەبارەی هۆزی هەمەوەندەوە لە تێکستەکاندا. لە شیکارییەکەشدا سوود لە زانیاریی مێژوویی وەرگیراوە.

**بەشی یەکەم: ناسینێکی خێرای هۆزی هەمەوەند:**

**١- نشیمەنی هۆزی هەمەوەند:**

لە سەدەی ١٨ی زایینییەوە نشیمەنی هەمەوەند دەوروبەری کرماشان بووە. دواجار دەگەنە دەڤەری بازیان و چەمچەماڵ. هەروەها بەهۆی چالاکییەکانیان و پەلهاوێشتنەکانیانەوە دەگەنە کەرکووک، سلێمانی، شارەزوور، بەشێکی گەرمیان و خانەقی، مەندەلی، قەسرشیرین و سەرپێڵ زەهاو. تەنانەت گەیشتوونەتە تەیسەفوون و سامەڕا. موقەدەم عەبدولواحد کە نووسەرێکی پاکستانییە لە کتێبەکەی بە ناوی (کورد و نیشتمانەکەی)دا دەڵێت: هەمەوەندەکان بۆ کڕین و فرۆشتن دەگەنە مەهاباد و ورمێ. سنوورەکەیان درێژ دەبێتەوە تا شارۆچکەی (خنیت) لەسەر سنووری عێراق و ئێران. (کەریم بەگ، ٢٠١١: ٤). هەروەها بەهۆی ئاوارەبوون و ڕاگواستنیانیشەوە دەگەن بە: موسڵ و بەغداد لە عێراق، شیراز و قەزوین لە ئیران، ئەنادۆڵ لە ویلایەتی ئەنقەرە و ڕۆژاوای ئەدرنە لە تورکیای ئێستادا، تەرابلوس و قەزای درنەی بنغازی لە لیبیا، شاری (طاریا) لە لوبنان.

له ئێستادا له ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، ژمارەیەک تیرەی جیاواز هەن کە خۆیان سەربە هەمەوەند دەزانن. ئەم تیرە جیاوازانە لە لوڕستان و لەکستان و کرماشان و گەرمیان و سلێمانی و سنە هەن و بە سێ زاراوەی جیاوازیی کوردی: سۆرانی، لەکی و لوڕی دەدوێن. پێڕەوی لە سێ ئایین و مەزهەبی جیاوازی سوننی و شیعە و کاکەیی دەکەن. سنووریشیان دەڤەری گەرمیاندا: لەلای سەرووەوە شوانی بازیانە، لەلای خوارووەوە ئاوی داقووقە، لەلای ڕۆژهەڵاتییەوە بەرزایی و چیاکانی تاسلوجەیە. لەلای ڕۆژاواوە قەرەحەسەن و شوانی خاسەیە.

**٢- ڕەچەڵەکی هۆزی هەمەوەند:**

سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ئەم هۆزە، چەند بۆچوونی جیاواز هەیە. یەکەم: یەکێکە لە هۆزە هەرەدێرینەکانی کوردستان و تەنانەت بۆ پێش (ماد)یش دەگەڕێنەوە. لە سەدەی ١٢ی زایینیدا بەرەنگاری هاتنی شەپۆلی هۆزە تورکەکانیان کردووە. (کەریم بەگ، ٢٠١١: ٥) بەڵام ئەوە نەخراوەتە ڕوو کە لەو سەردەمەدا لە ژێر چی ناوێدا بوونە. بنەماڵەی (ئال حیمة) کە لە سەدەی ١٢ و دواتر لە سەدەی ١٦ز باسیان هاتووە، بە تیرەیەکی هەمەوەند دانراون. (کەریم بەگ، ٢٠١١: ٦) دووەم: بەپێی هەندێک گێڕانەوە، دەگەڕێننەوە سەر کەسایەتییەک بە ناوی (وان). بۆیە دەڵێن ناوی هەمەوەند، لە (حەمە) و (وان)ـەوە هاتووە. (کەریم بەگ، ٢٠١١: ٦). لە ڕێگەی ئەم شەجەرەیەوە ڕەچەڵەکی هۆزەکە دەگەڕێننەوە بۆ دەڤەری نێوان وان و ئامەد. سێیەم: دەرکەوتنی ئەم هۆزە تازەیە و لە یەکگرتنی هۆزی ئەحمەدوەند و بهتوئی پێکهاتووە. (وەند) بە زاراوەی کوردیی لەکی بە واتای ڕەچەڵک دێت. بەڵام مێجەر سۆن دەڵێت: هەمەوەند هیچ پێوەندییەکیان بە ئەحمەدوەندی ئێرانەوە نییە. (سۆن، ٢٠٠٧: ٥٢). سۆن بابەتێکی دیکە کە دەگێڕێتەوە: "هەمەوەند، بابان، شوان و جاف بنەچەی سەرکردەکانیان دەبەنەوە سەر عەرەب. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئەمڕۆ زۆر شانازی بە کوردبوونی خۆیانەوە دەکەن." (سۆن، ٢٠١٨: ١٨٧).

ناوی هۆزەکە بە شێوەکانی: ئەحمەدوەند، هەمیوەند (هەمیوەن)، هەماوەند، هەمەوەند، هەمەوەن و وەن، بێژەکراون. میرزا خەلیلی منەووەر لە شیعرێکدا ئاماژەی پێ داوە:

عەرەب چەنی تورک، کورد و (وەن) زبان
موشەبەع چە ڕزق میوەی سفرە و خوان

ساغکەرەوەی دیوانەکەی لە پەراوێزدا نووسیویەتی مەبەست لە (وەن)، هەمەوەندە. (منەوومر، ٢٠٠٦: ٤٥٤) هەروەها بۆچوون هەیە کە هەمەوەند لە (همی: هما)ەوە هاتووە و لە شانامەی فیردەوسیشدا باسی جەنگێک هاتووە بە ناوی جەنگی (هماوند).

ئەوەی سەرچاوەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، لە دەروبەری سالانی (١٧٠٠)ەکاندا، (خودادە شەل) لە دەوروبەری شاری کرماشانەوە، ناوبانگی شێخ ڕەزای هەنگەژاڵە دەبیستێت و دەچێتە و دەبێت بە دەروێشی. شێخ ژنی بۆ دێنێت و لەم ژنە چوار کوڕی دەبێت بە ناوەکانی: یادگار، ڕەمەزان، ڕەشید و سەفەر. (خۆشناو، ٢٠٢١: ١٩) پاشان لە گوندی هەنگەژاڵەوە بار دەکەن و دەچن بۆ دەڤەری بازیان و چەمچەماڵ. لەم چوار کوڕە، چوار تیرەی هەمەوەند دروست دەبن کە بەمجۆرەن: تیرەی چەلەبی لە یادگار، تیرەی ڕەمەوەند لە ڕەمەزان، تیرەی ڕەشەوەند لە ڕەشید و تیرەی سەرفەروەندیش لە نەوەی سەفەرن. (خۆشناو، ٢٠٢١: ١٩) مێجەر سۆن تیرەکانی هەمەوەندی بەمجۆرە پۆلێن کردووە:

یەکەم- ڕەسەن کە بریتین لە: بەگزادە (چەلەبی)، ڕەشەوەند، سەفەروەند، سیتەباسار.
دووەم- جووتیارەکان کە بریتین لە: کافرۆشی، بیریایی، سۆفیوەند، چنگنی. (سۆن، ٢٠٠٧: ٥١ و ٥٢)

بەڵگەنامەکانی عوسمانی باسی شەش هۆزی هەمەوەند دەکەن و لۆیمەر لە گشتنامەکەیدا باسی دە سەرۆک هۆزی هەمەوەند دەکات. کە هەر یەکەیان سەرۆک هۆزی تیرەیەکە و ناکۆکی لە نێوانیشیاندا هەیە. (لۆیمەر، ٢٠٢٠: ٧٢)

**٣- پوختەی مێژووی هۆزی هەمەوەند:**

هۆزی هەمەوەند لە سەدەی ١٩ز یەکێک بووە لە هۆزە هەرە بەهێزەکانی کورد، لە ئازایەتی و جوامێری و جەنگاوەریدا. "بەناوبانگترین جەنگاوەری کوردستانن و ژنەکانیشیان بەشداری جەنگ دەکەن تەواو چەکدار و ئەسپسوارن." (سۆن، ٢٠٠٧: ٥٢) لە دەسەڵاتی بێگانە یاخی بوون و ملکەچی هەموو داخوازییەکیان نەبوونە. لە دوای پەیدابوونی تیرەکانی هەمەوەند لە دەڤەری بازیان و بەشداریکردنیان لە ڕووداوەکانی دەڤەرەکە، ناویان کەوتە ناوانەوە. سەرەتای ناکۆکیی نێوان هەمەوەندەکان و عوسمانییەکان بۆ ساڵی ١٧٨٠ز دەگەڕێتەوە. لە هەموو جەنگەکانی بابان دژی والییەکانی بەغداد و عوسانی، هەمەوەند هاوپەیمانیان بوونە. لە جەنگی ١٨٣٦ز کە عەزیز بەگی بابان تێکدەشکێت، هەمەوەندەکان دەچنە زەهاو. (مودەڕیس و فاتیح

عەبدولکەریم، ٢٠٢١: ٧٦) لەدوای نەمانی میرنشـــینی بابان، هەمەوەندەکان ویســـتیان شوێنەکە پڕ بکەنەوە، عوسمانییەکان دژی ئەم ویستە وەستانەوە. ساڵی ١٨٦٧ز نێوانیان لەگەڵ والیی بەغداد تێکدەچێتەوە و دوای هەرایەکی زۆر دەچنەوە بۆ زەهاو. لە سەردەمی (مدحەت پاشا) والیی بەغداد، دوژمنایەتیی تازە بووەوە والی تێکشکا. دوای ئەوە (ڕەئوف پاشـــا) لەگەڵیان ڕێککەوتەوە و هەمەوەند گەڕانەوە بازیان. ســـاڵی ١٨٧٨ز جەنگی هەردوو هۆزی هەمەوەند و زەنگەنە هەڵگیرســـا و عوســـمانی و چەند هۆزێکی کورد، پەلاماری هەمەوەندیان. هەمەوەندەکان سـەرکەوتن و توانیان بچنەوە بۆ زەهاو. (مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، ٢٠٢١: ٧٦) لە ســـاڵی ١٨٨٠ز جوامێر ئاغا ســـەری هەڵدا. لەگەڵ عوســـمانییەکان ناکۆک بوو و لەگەڵ قاجارییەکانیش جارجار دۆســـت و جارجار جەنگیان بوو. دواجار هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری پێکەوە بڕیاری لەناوبرنیان دا و پیلانیان بۆ داڕشت. (مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، ٢٠٢١: ٧٧) ڕووداوەکانی سەردەمی جوامێر ناوەڕۆکی کتێبی (مســـعودنامە)یە. کوژرانی جوامێر ئاغا و دوورخســـتنەوەی هەمەوەندەکان، کۆتایی ئەم هۆزە نەهێنا و هەر زوو گەڕانەوە نیشـــتمان و بە شـــێوەی جیاواز بەردەوام بوون. بۆیە ڕقی دەسەڵاتی عوسمانیش ئەستوورتر دەبوو و تا ئاستێک شۆڕ بووەوە بۆ ناخی دەســـتوپێوەندەکانی. موتەســـەڕیفی کەرکووک بە لۆیمەر ئەفســـەری بەریتانی دەڵێت: چارەســـەری ئەم هۆزە ئەوەیە هەموویان لەناوببەیت. (لۆیمەر، ٢٠٢٠: ٢٥) ئەڵبەتە کەسانێکیش لەنیو دەستوپێوەندی دەسەڵاتی عوسمانیدا هەبوونە کە دۆستی هەمەوەند بن. جڕارد لە گەشـــتانەمەکەیدا باس لە ئەفســـەرێک بە پلەی ســـەرهەنگ دەکات کە ژنی لە هەنەوەندەکان هێناوە و چەک و تەقەمەنییەکی زۆریشـــی بە هەمەوەند بەخشیوە. (جڕارد، ٢٠٢١: ٥٩).

بەشـــێک لە ڕووداوەکانی مێژووی هەمەوەند، جەنگی هۆزە کوردییەکان بووە. لەوانەش: جەنگەکانی هۆزی هەمەوەند و جاف، جەباری، کاکەیی، زەنگەنە، شـێخان، زەند، پاڵانی، باجەڵان لایەنێکی جەنگ بوونە دژی هەمەوەند، جەنگی مەلیک نیازخانی کرنـدی دژی هۆزی جوامێر ئـاغـای هەمەوەنـد کە دەروێش قولی کرنـدی بە شـــیعر دایڕشـتووەتەوە. لەم بەرهەمەدا جوامێر ئاغای بە شـێخ عوبەیدوڵڵا چوواندووە. هەروەها ئەو جەنگانەی لە کتێبی مەسـعوودنامەدا هاتوون کە زۆربەیان هەردوولا لە سـەربازانی هۆزە کوردییەکان بوون:

لە ساڵی ١٨٨٠ز شاترییەکانی جاف، پەلاماریی پەلی سەرەکیی جافەکانیان دا و مەحەمەد پاشایان کوشت. پەنایان بردە بەر فەقێ قادر وەرینەگرتن. پاشان پەنایان بردە بەر جوامێر. جوامێر دەڵێت: لەناو عوموومی هەمەوەند عەشایرەکانی خاریجی جاف، خۆم

به جانفیدای محەمەد پاشــا زانیوە. دیارە جوامێر زانیوەیەتی توشــی کێشــەی دەکەنەوە، بەڵام هەر بڕیــار دەدات پەنــایــان بــدات و بەرگرییــان لێ بــکــات. (جــاف، ٢٠١٢: ١٥٨) بەو بۆنەوە جەنگ لەنێوان هەردوو هۆز ڕووی داو جافەکان تێکشان. (سۆن، ٢٠٠٧: ٥٧). لە ناو جافەکاندا ئەم جەنگە بە جەنگی (دالاهۆ) بەناوبانگە . شــێخ ڕەزای تاڵەبانی بەبۆنەی ئەو تێکشکانەوە دەڵێت:

جەنگ گاهی جوکل و مەحموود بەگ شێروانە بوو

ئافەرین مەحموود بەگ لەم جەنگەدا شــێر وا نەبوو

وەقتێ قاســید هات و لێم پرســی چلۆن بوو ئەم شــەڕە

وردە وردە بۆی بــاســــکردم کەچی شـــیر وانەبوو

(تاڵەبانی، ٢٠١٠: ١٥٥)

کەریم بەگ باســــی جەنگێکی دیکەی جاف و هەمەوەند دەکات کە لە نێوان مەحموود پاشــــای جاف و خزر ئاغای ســــەفەروەندی هەمەوەنددا ڕووی داوە. (جاف، ٢٠١٢: ١٥٩)

میرزا غەفوور لە شـــیعرێکدا بەبۆنەی ســــەرکەوتنی بەگزادەی عێلی مورادی بەســەر شــۆڕشــی ڕەســووڵ ئاغای کۆیەوە، ئاماژە بە جەنگێکی عێلی موردای و هەمەوەند دەکات. لە پەسنی بەگزادەی عێلی مورادیدا دەڵێت:

گەهێ تەعقیبی ئاغاوات و بەگزادەی (هەمەوەند)ە

گەهێ تەسخیری قەلعەی لێوژە کرد کۆنە تەندوورە (غەفوور، ١٩٩١: ٦٩)

**بەشی دووەم: هۆزی هەمەوەند لە شیعری کوردی و فارسیدا:**

**١-باسی هەمەوەند لە شیعری کلاسیکی کوردیدا:**

یەکێک لە ســــەرچاوە خۆماڵییەکان کە باســــی هۆزی هەمەوەندی تێدا ڕەنگیداوەتەوە، بریتییە لە شیعر. بەشێک لە ئاڕاستەی کاری شیعریی ئەوەیە هەمیشە دەبێت بە ئاوێنەی ســەردەمی خۆی بۆ وێنەدانەوەی بەشــێک لە دیاردە و ڕووداوەکانی ئەو ســەردەمە. لە ســەردەمی چالاکییەکانی ئەم هۆزەدا، بەشێک شاعیرانی کورد لە ئاستی جووڵەکانی ئەم هۆزەدا چی کۆک بووبن یان ناکۆک، لە بەرهەمی خۆیاندا بە ئەرێنی یان بە نەرێنی ئاماژەیان پێ داوە. جێگای باسە جگە لەم نموونانەی لێرە دەیانخەینە ڕوو، یەکێک لە قارەمانەکانی بەیتی داســتانی دوانزە ســوارەی مەریوان کە لەنێوان ســاڵانی ١٧٢٠ – ١٧٣٠ز ڕووی داوە: میران بەگی وەڵەدبەگی چەلەبی قەدیمی هەمەوەنـد بووە.

هەروەها بەیتی میللیی (حەمەشەریف چەلەبی) باسی قارەمانێتی سەرکردەیەکی هەمەوەندە دژی تورکانی عوسمانی. ئەم کەسایەتییە لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان، ویستوویەتی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە. هەروەها جەنگی هۆزی هەمەوەند و شێخانی لەلایەن مەلا چاوڕەشی سێوسێنانەوە کراوە بە هۆنراوە.

**١-١-ڕوانینی ئەرێنی:**

## حاجی قادری کۆیی (١٨١٦ – ١٨٩٧ز):

دوو جار ئاماژەی بە هەمەوەند کردووە. هەردووجار ڕوانینی ئەرێنیی هەیە. ئەمەش دەگەڕێەوە بۆ ئەو هەست و هزرە نەتەوەیی و نیشتمانییەی پاش گیرسانەوەی لە ئیستانبووڵ و ئاشنابوونی بە بنەماڵەی بەدرخانییەکان لەلای شاعیر سەری هەڵدا.

یەکەم: حاجی لە شیعری (حاکم و میرەکانی کوردستان)دا، زەمی شێخەکان دەکات کە لە دوای نەمانی دەسەڵاتە خۆجێیە کوردییەکانی وەکوو بابان و هەمەوەند. حاجی بەشێوەیەک لە شێوەکان دڵگرانیی خۆی بۆ نەمانی میرانی کورد دەردەبرێت و دڵگرانە بە هاتنی دەسەڵاتی بێگانە و دەرکەوتنی دەسەڵاتی شێخانی ڕیاکار کە لە سایەی دەسەڵاتی بێگانە بوونەتە جێگرەوەی دەسەڵاتە خۆجێیەکان:

حاکم و میرەکانی کوردستان   هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
یەک بە یەک حافیزی شەریعەت بوون   سەییدی قەوم و شێخی میللەت بوون
سەیید و شێخەکان لە ترسی ئەوان   مونزەوی بوون و زاکیری ڕەحمان
هەر کە فەوتان ڕیای ئەوان دەرکەوت   سەیری چۆن بوونە پووش و ئاگر و نەوت
یەکێ لەم لاوە ڕوو دەکاتە عەجەم   دوو لە ئەو لاوە دەبنە دوژمنی هەم
دوو هەزار ژن فەساد کرا لەم لا   بوونە قاتیل ئەوانی تر لەو لا
یەک بە یەک بوونە نائیبی (هەمەوەند)   ساحیبی مارتین و ماری گەزەند

(کۆیی، ١٣٩٠: ٢١٢)

دووەم: حاجی لە چامەی (شاسواری بەلاغەتی کوردان)دا، جارێکی دیکە ئاماژە بە هەمەوەند دەکات و ڕۆڵیان لە شیعری کوردیدا دەنرخێنێ. لە هەمانکاتدا وەکوو (خزمی خۆمان) ئاماژەیان بۆ دەکات. ڕەنگە ئەمەیان لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە حاجی ئاگاداری ئەوە بووبێت کە بنەوانی بنەماڵەی خۆیان و هەمەوەندیش لە کرماشانە و ئەمە بە خزمایەتی دەزانێت.

| | |
|---|---|
| (هەمەوەند)یش کە خزمی خۆمانن | شـــــاعیری زۆرە پـاکی دەیزانن |
| چونکە تیژی زوبانیان یەکســـەر | کەوتە نووکی ڕم و دەمی خەنجەر |
| بێ کـتێبـن، ئەمە لە وان دوورە | مەردی ئـازا لە نـاقیســـــان دوورە |

(کۆیی، ١٣٩٠: ٢٢٢)

## شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣١ – ١٩١٠ز):

لە پەسنی ئازایەتیی هەمەوەندیدا کە جەنگی دژی هەردوو دەسەڵاتی عوسمانی و قاجاریی کردووە و زۆربەی جاریش تەنگی پێ هەڵچنیون و بە ســــەرکەوتوویی دەربـازیـان بووە، دەڵێت:

(هەمەوەند) لەشکری ڕۆم و عەجەمی داوە بە گان
بەری حەملەی دەگرێ لەشـکری گاوان و شـوان؟

(تاڵەبانی، ٢٠١٠: ١٨٩)

## حاجی تۆفیقی پیرەمێرد (١٨٦٧ – ١٩٥٠ز):

لە شـــــاعیرانی مونەوەری کورد بووە و دەرچووی قوتابخانەی ئیســــتەنبووڵیە. شــــاعیرێکی نەتەوەپەروەر و نیشـــتمانپەروەر بووە. بۆیە هەســــت و هزری نەتەوایەتی لە شــیعرەکانی مانیفێســـت کرووە. پیرەمێرد بە هەســـت و هزری نەتەوایەتییەوە دەڕوانێتە ڕووداوەکان. پیرەمێرد لە بەرهەمەکانیدا چەندجارێک ئاماژە بە هەمەوەندەکان دەکات. بە چاوی ڕێزەوە تەماشـــای کەســـایەتییەکی وەکوو جوامێر ئاغای هەمەوەند دەکات و وەکوو هێمای جوامێری و ئازایەتی پەســـنی دەکات. وێڕای ئاماژە بەو ڕاســـتییە مێژووییە کە ژنانی هەمەوەند شانبەشانی پیاوانیان جەنگاوەری ئازا بوونە:

| | |
|---|---|
| (کوێخا جوامێری هەمەوەند) دەیگوت: | های جوامێر ڕۆم و عەجەم وا لە دووت |
| ســــەرێ کە شــــاهان بە تەمای نەبن | بۆ ئەوە دەشــــێ هەڵکەنرێ لە بن |
| ئەوســـــا کە جوامێر دەنگی دلێر بوو | تیپی (هەمەوەند) ژنیشـیان شـێر بوو |

(پیرەمێرد، ٢٠٠٧: ٦٦)

پیرەمێرد هەر لە پەندەکانی و لە شــیعرێکی دیکەدا کە باســی ئەوە دەکات هەر گرووپەو بە ئەدگارێک دەناســـــرێتەوە، ئاماژە بەوە دەکات کە هەمەوەند بۆ جەنگ تایبەتمەندن. لە سەرەتای شیعرەکەدا دەڵێت:

جـالـيـنـوس ئەڵێ: تـاقـيـم کـردەوە          هەر قەومێ نـاســـرا بەپێی کردەوە

لە دێڕێکی دیکەدا دەڵێت:

عــارەبــی بەڕێ و مــیــوانــپەروەری          کورد و ئــازایی بە مــاڵ و ســـەری

پاش چەند دێڕێکی دیکە دەڵێت:

جاف بۆ زیبانی، (هەمەوەند) بۆ شەڕ          شێخ و تەفرەقە، زەنگەنە بۆ گەڕ

(پیرەمێرد، ٢٠٠٧: ٤٩)

**محەمەد کابولی قانع (١٨٩٨ – ١٩٦٥ز):**

قـانـع کە قۆنـاغـی دوای پیرەمێردە، لە بـاســـی هۆزەکـانـدا تەواو دابڕابوو لە ئـامـاژەدان بە لایەنە نەرێنییەکـانی هۆزەکـان و هەمـوویـانی وەکوو نموونەی ئـازایەتی و جوامێریی کورد و کوردســـتـان دەبینی. ئەڵبەتە لە ســـەردەمی قـانعـدا دۆزی کورد لە قۆناغێکی دیکەدا بوو و کۆمەڵگەی کوردەواری کە کۆمەڵگەیەکە هێشـتـا خێڵ و بەها خێڵەکییەکان ماون، پێویســـتیی بە دروســـتکردنی گیانی یەکگرتوویی نێوان هۆزەکان هەبووە. قانع لە شـــیعری (کوڕگەل کوردســـتان هەر ئەو باخەیە)دا باســـی بەشێکی زۆر لە هۆزە کوردییەکان دەکات و پەسنی ئازایەتییان دەکات:

ئـاغـای دزەیی، میری شـــەقلاوە

جاف و (هەمەوەند) خانی شێراوە

(قانع، ٢٠١٤: ٤٤٥)

قانع لە شـیعری (سـەلام لە کوردسـتان)دا یادی سـەرکردە مەزن و نەمرەکانی کورد دەکاتەوە و ئاخ بۆ نەمانیان هەڵدەکێشـێت و پرسـیار لەوە دەکات کە ئێسـتا ئەم سـەرکردە مەزنانە لەکوێن؟ دوای ئاماژەدان بە ناوی سـلاحەددینی ئەیوبی و جەمشـید و ڕۆستەمی زاڵ و کەریم خانی زەند، پرسیاری شەریف چەلەبی دەکات، کە یەکێک بووە لە ســـەرکردە مەزنەکانی کورد لە هەمەوەند. جێگای ئاماژەیە کە بەیتێکی میللی لەبارەی ئازایەتی و جوامێریی ئەم کەسایەتییەوە هەیە:

کوانێ شـێخ قادر و (شــەریف چەلەبی)؟

کوانێ چەچەی سەف شکێنی مەیدانت؟

(قانع، ٢٠١٤: ٨٥)

**٢-١- ڕوانینی نەرێنی:**

ئاماژەی ڕوانینی نەرێنی بۆ هەمەوەندەکان زیاترە لە ڕوانینی ئەرێنی، هۆکاری ئەمەش بۆ ناکۆکیی نێوان هۆزە کوردییەکان دەگەڕێنەوە. لەو سەردەمەدا کە هێشتا هەستی نەتەوایەتیی و نیشتمانیی یەکگرتوو نەبووبوو بە پاشخانی مەعریفی شاعیران، بۆیە شاعیران لە پرسانەدا تا ئاستێک زمانحاڵی هۆزەکەی خۆیان بوونە. وێڕای هۆکاری دیکەش.

**فەقێ قادری هەمەوەند (١٨٣٠ – ١٨٩٠ز):**

پێش هەموو شاعیرانی دیکە، فەقێ قادر کە خۆی هەم سەرۆکی تیرەیەکی هەمەوەند بووە، هۆکاری هەندێ پرس و پێشهات، دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵسوکەوتی خودی هۆزەکە و سەرکردەکانی. بۆیە ل شیعرێکدا ڕوانینی نەرێنی خۆی دەردەبڕێت بەتایبەتی لەبارەی جوامێر ئاغا و خزمانی کە جوامێر لەخۆبایی بووە براکانی پرس و ڕاوێژ ناکەن و گوێ ناگرن. خەڵکەکەش ڕێگریی دەکەن. ئەڵبەتە فەقێ بۆ ئەمەیان پاساو دەهێنێتەوە کە ساڵ گرانی و نەبوونی بووە. ئەبەش بەهۆی سیاسەتی عوسمانی و قاجارییەوە کە بارێکی سەختیان لەسەر خەڵکەکە دروست کردبوو:

ئەر (جوامێر) مەغروور ئەر برا بێڕا — ئەر کاک (عەبدوڵلا عەزیز) ناتەبا
ئەر حاکم نە پرس ئەر قەوم نەشنەوا — ئەر ڕەعیە ڕەهزەن نە قەحت و غەلا
بێ تەوفیق حەق بێ یەد بەیزا — پێش مەیۆ جە دەست یەک فەرد تەنها
یونس وا جە قەوم وێم کەردم فیرار — بیم بە قووت حووت تورک دەریابار
فەرار بیم جە قەوم چون بەڕە جە گورگ — نەزانام جە گورگ بەدتەر مەبۆ تورک

(مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، ٢٠٢١: ٥٩)

فەقێ قادر لە شیعرەکانیدا چوار جار ئاماژەی بە هەمەوەندبوونی خۆی کردووە، کە هەر جارەو بەبۆنەیەکەوە بووە:

سێ جار ئاماژە دیلی و بەندی و زەلیلی دەکات کە لە گرتووخانەکانی عوسمانیدا بووە:

نە دوود دەوران دڵ نە گەزەندم
ئەسڵم هەماوەند ئەسیر بەندم

هەروەها:

ئەســـڵم هەمـاوەنـد جـاگەم چەمچەمـاڵ
نە شەهر کەرکووک مەحبووسم ئەلحال

هەروەها:

ئەســــڵـم هەمــاوەنــد زەلــیـل و خــوارم
مــونــتەزیــر بە لــوتــف حەیــی دادارم

لە دێڕەشیعرێکی دیکەدا ئاماژە بە فیرقەی خۆی دەکات لە ناو هۆزی هەمەوەندا:

ئەســــڵـم هەمــاوەنــد فـیــرقەی چەلەبــی
داروون جە ڕەســــووڵ جـوامـێـر نەســــەبـی

(مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، ٢٠٢١: ٥٠)

ئەم ئاماژانە بە ناوی هۆزەکەی، جۆرێکە لە شـانازیکردن، کە لە ڕاسـتیدا ڕووانینێکی ئەرێنییانەیە.

## مەلا محەمەدی مەحوی (١٨٣٦ – ١٩٠٦ز):

شێخێ (هەمەوەندێک)ی دەدا پەند و نەسیحەت
ئەو قوڕپەســـەرەی دابووە بەر فەحش و فەزیحەت
خۆش هاتە جواب و وتی: تۆ حەقتە، فەقەت من
قوتتــاعی تەریقم، نەکوو قوتتــاعی تەریقەت

(مەحوی، ١٣٩٠: ٤١٩)

ئەگەرچی باســی هەمەوەند لەم شـیعرەی مەحویدا مەبەسـتی سـەرەکی نییە، بەڵکوو هاوشـێوەی شـیعرەکەی حاجی قادری کۆیی، زەمی شـێخانی خراپەکار چەقی مەبەستی مەحوییە. بەڵام بەهۆی بەدناوبوونی هەمەوەند بە (ڕێگری)، بۆیە مەحوی وەکوو ئیدیۆمێک بەکاری هێناوە. لەم شـیعرەدا مەحوی قســەی زەینی خۆی لە دژی شـێخانی خراپەکار، دەخاتە سەر زاری کەسێکی هەمەوەندی.

## ئەحمەد بەگی حەمدی (١٨٧٦ – ١٩٣٦ز):

ئەم شــاعیرە یەکێکە لە شــاعیرە نیشــتمانپەروەرەکان و دڵســۆزی شــێخ مەحموودی حەفید و بزاڤەکەی بووە. بۆیە لە دوای نەمانی شـێخ دڵگرانی خۆی لەبارەی

ئەو ڕەوشەوە دەردەبڕێت کە لە دوای نەمانی دەسەڵاتی شێخ لە سلێمانی هاتووەتە ئاراوە و باسی خراپەی هەندێ لە هۆزەکان دەکات، کە هەمەوەندیش یەکێکە لەو هۆزانە:

لەوســـــاوە حکوومەت نییە بەربوونەتە میللەت
جاف و (هەمەوەند) بانەیی و مەنگووڕ و پشدەر
تاڵان و بڕۆ و کوشـــتن و ۆەبســـە لە هەموو لا
ســاحێب عەلەم و تەپڵە ئەڵێی دێوە ســتەمگەر

(حەمدی، ٢٠١٣: ٣٠)

**حاجی تۆفیقی پیرەمێرد (١٨٦٧ – ١٩٥٠ز):**

ئەگەرچی باســی ڕوانینی ئەرێنیی ئەم شــاعیرەمان کرد، لەگەڵ ئەوەشــدا دوو ئاماژەی دیکەی هەیە، ئەگەرچی ڕاستەوخۆ ڕوانینی نەرێنیانەی ناخاتەڕوو، بەڵام جۆرێک لە تانەی تێدایە:

**گەورە ئاوی ڕشت بچووک پێی لێ خست**
**بە بیانوو پەتیان بۆ بچووک هەڵخســـت**
**دەســـــتەی (هەمەوەند) ئەچوون بۆ تـاڵان**
**شـــــوێنیـان ئەکەوتن خوێڕی و منـداڵان**

(پیرەمێرد، ٢٠٠٧: ٤٤٧)

لە شــیعرێکی دیکەدا لە دیوانەکەی، باســی ڕەوشــی ڕێگای کاروانەکانی ئەو دەڤەرە دەکات کە ڕەوشێکی باش نەبووە بەهۆی هەڵسوکەوتی هۆزەکانەوە:

**بــاج و پیتەکــانی زەنگەنە، گیروگرفتی جــاف**
**هەرچیش کە هاتە ڕێی (هەمەوەند) بردی ساف لە ساف**

(پیرەمێرد، ٢٠٠٧: ٢٣٥)

**شێخ نەجمەدینی سابیری (١٨٨١ – ١٩٤٤ز):**

ئەم شـــــاعیرە خۆی خەڵکی دەڤەری گەرمیـانە و ئـاگاداری لە ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بووە لە دەڤەرەکەدا. وا دیارە لەو ناکۆکی و ململانێیانەی لە دەڤەرەکەدا هەبووە، بە تایبەتی لە نێوان عوســمانی و هەمەوەند، کەســانێک بە ناوی شــێخ و مەلاوە

هەوڵی چارەســـەریان داوە. ســـابیری بەنائومێدییەوە دەڵێت پەند و ئامۆژگاری لای ئەم دوو لایەنە یاساغە:

هەرچەندە قسەی شێخ و مەلا حیکمەت و پەندە

یاســاغە لەکن تورک زوبان و (هەمەوەند)ـــــە

(صابری، ۲۰۱۷: ۱٦۳)

**۲- هۆزی هەمەوەند لە شیعری فارسیدا:**

لە ئەدەبی فارسیدا ئەوەندەی لە سنووری توێژینەوەکەماندایە و ئەوەندەی دەستمان پێ ڕاگەیشــتووە، وێڕای مەنزوومەی مەســعوودنامە کە ســەرپاکی باســی هۆزی هەمەوەندە، تەنها ئاماژە بە هەمەوەند، لە شــیعرێکی فارســـی (ئەدیب ئەلمەمالیک)یشــدا هاتووە. شـــاعیر لە داشـــۆرینی (حوســێن قولی خانی مافی)دا کە بەرەگەز لە کوردەکانی لای ســـــابڵاغ بوونە. گوایە کۆمەڵێک کەس و هۆزی خراپی نـاو کوردانی لوڕ و لەکی داوەتەبەر خۆی و کاری خراپە دەکات و ئاماژە بە هۆزی (ئەحمەدوەند)یش دەکات. ئەم ئاماژەیەش وەکوو لە مەبەستی شیعرەکە دەردەکەوێت، ئاماژەیەکی نەرێنییە:

| | |
|---|---|
| بینم اندر کوه و دشت این خواجه را | در رکابش ســـوختە زار و جاجە را |
| شـــەنبە دەشـــتی کەریم دەشـــتەکی | صـــــالەح ســـــەرلەک موراد چولەکی |
| باوە خون ئاغە خدر کاکا صـــەفەر | حـــاجی بـــازونی کوڕ خـــاڵو نەظەر |
| قاســـم کاشـــی حەبیب جوندەقی | قـائـد ئەحمەد خون کورد ئەئی تەقی |
| مەمـو کـاک ئەڵلا بـرار ئەلاداد | عەودل مەنـــکـــور کـــوڕ ئەلامـــوراد |
| ئـــان نەریمـــان لوڕ و دلـــدار کورد | گشـــــتە حاضـــــر از برای دســـــتبرد |
| بـــا ســـــوار زەرگەر و بیرانەوەنـــد | چگنی و دلفون و (ئەحمەدووند) و زند |
| مـــافی و کـــاکـــاوەن و نـــانیگەلی | میـزنـد هم بـا عمر هم بـا علی |

(فراهانی، ۱۳۱۲: ٦۱۹ و ٦۲۰)

**۱-۲- هووزی هەمەوەند لە کتێبی (مسعودنامە)دا:**

دەســـــتنووســـــی مەســـــعوودنامە بە ژمارە (IR10-29556) لە کتێبخانەی (مجلس شورای اسلامی ایران) پارێزراوە. یەکێکە لەو سەرچاوانەی باسی جەنگەکانی جوامێر ئاغای هەمەوەند لە دەڤەرەکانی قەسرشیرین و زەهاو لە دژی هەردوو دەسەڵاتی قاجاری و عوســـــمانی و جەنگی ناوخۆیی هۆزی هەمەوەند دەکات و پیلانەکانی هەردوو دەوڵەت و

لەشـکرکێشـییەکانیان بۆ سـەر ئەم هۆزە کە بەشـی هەرە زۆری لەشـکرەکانیان هەر چەکدارانی هۆزە کوردییەکـان بوون. دانەری کتێبەکە ئەگەرچی خۆی لە کوردانی کرماشـان بووە، بەڵام سـەربە دەسـەڵاتی قاجاری بووە و ڕووداوەکانی لە دید و لایەنگیری دەســـەڵاتەوە گێڕاوەتەوە. بۆیە بەدڵنیاییەوە ناکرێت چاوەڕوانی ڕوانینی ئەرێنی لە دانەر بکەین. لەم بەشەدا بەپوختی گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە زاری دانەوەرەوە بەسەر دەکەینەوە و زیاتر جەخت لەسەر ڕوانینی دانەر دەکەین لەبارەی هەمەوەندەوە.

وەکوو دانەر خۆی بانگەشـــەی کردووە، شـــێوازی کۆنی وەکوو شـــانامەی فیردەوسـی (٩٤٠ – ١٠٢٠ز) بۆ هۆنینەوەی بەرهەمەکەی بەکارهێناوە کە لەسـەر کێشـی بەحری (متقارب)ە:

یکی نـامه ســـــازم از این داســـتـان
به آیین گوینـــدهء بـاســـتـــان

(دێڕ: ١٦٦)

دانەر لە بەشی (ساقی نامه)دا ئاماژە بە ناوی بەرهەمەکەی دەکات و دەڵێت:

| | |
|---|---|
| به پیوندم از نغز گفتار خویش | مر این نامهء فتح کامد به پیش |
| ایـا نـامور طبع هوشـــیـار من | ســـخن گو زبـان درر بـار من |
| کنون در ز گنج سخن باز کن | ز (مسـعودنامه) سـخن سـاز کن |

(دێڕ: ٢٠٠ – ٢٠٢)

کۆی لاپەڕەکانی ئەم بەرهەمە (١١٤) لاپەڕەیە و لە (١٥٦٥) دێڕەهۆنراوە پێکهاتووە.

**٢-٢- دانەر:**

میرزا ئەحمەد ئیلهامی (١٢٦٤ – ١٣٢٥ک.م) یەکێکە لە شاعیرانی فارسینووسی کرماشـــان. جگە لەم کتێبە، دوو بەرهەمی دیکەی هەیە بە ناوەکانی، یەکەم: (باغ فردوس) (٢٠،٠٠٠) دێڕەشیعرە. دووەم: (مثنوی حسن منظر) کە بریتییە لە دیوانی چامە و غەزەل و جووتسەروا. (عبدالباقیی، ١٣٩٤: ١)

### ٣-٢- جوانمێر ئاغای هەمەوەند (١٨١٥ – ١٨٨٧ز):

یەکێکیە لە سەرکردە کەموێنەکانی ئازایەتیی لە مێژووی کورددا، کە هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و قاجاری بە هاوپەیمانیی یەکتر لەناویان برد. لە تەمەنی (١٨) ساڵی سەرلەشکری سوپا بووە دژی هێرشەکانی عوسمانی لە بەرگریی میرنشینی باباندا. لە ماوەی سەرۆکایەتیدا ڕێبەریی (٢٧) جەنگی کردووە کە لە هەموویاندا سەرکەوتوو بووە. سوپای ئەدهەم پاشای والیی بەغدای بە لەشکرێکی (٧) تابوورییە تێکشکاند و خودی پاشای بەدیل گرت کە دواتر ئازادی کرد. هاوکات لەشکری قاجار بە هێزێکی (١٥) هەزار سەربازییەوە لەگەڵ کۆمەڵێک هۆزی دیکەی لە تێکشکاند. قاجارییەکان بە بەڵێنی درۆ توانیان دەستبەسەری بکەن و خۆی سێ هاوەڵی شەهید بکەن. لە کوردستان نزیکەی (١٥) قەڵا و سەنگەر و ئەشکەوت بە ناوی ئەوەوە ناونراون.

لەدوای کوژرانی جوامێر ئاغا، هۆزی هەمەوەند نیوەی هێزی خۆی لەدەست دەدات و دەگەڕێنەوە بۆ بازیان و چەمچەماڵ بۆ دیوی سنووری دەسەڵاتی عوسمانی. لەدوای گەڕانەوە دەسەڵاتی عوسمانی لە ساڵی ١٨٨٦ و ١٨٨٧ز هەمەوەندەکان دەگرن و بڕیاری دوورخستنەوەیان بە ماڵ و منداڵەوە دەدەن بۆ دەرەوەی سنووری کوردستان و لەوەش دوورتر بۆ ئەنادۆڵ و باکووری ئەفریقا. (کەریم بەگ، ٢٠١١: ٩ و ١٠) (وێنەی-٢) بەڵگەنامەی قاجارییە کە لەسەر داوای دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری لەناوبردنی جوامێر بدرێت. (واحد نشر، ١٣٦٩: ٦٩٧)

### ٤-٢-پوختەی ناوەڕۆک:

ناوەڕۆکی ئەم داستانە بریتییە لە چالاکییەکانی جوامێر ئاغای هەمەوەند (١٨٨٠ز) و یاخیبوونی لە دەسەڵاتدارانی ئەوکات لە قاجاری و عوسمانی، کە زیاتر لەسەر سنووری هەردوو دەوڵەت بووە. هەروەها جەنگی (حسام الملک) دژی تیرەی جوامێر و ئەحمەدوەندی چەلەبی. پاشای عوسمانی نامەی بۆ والیی ئەوکاتی کرماشان مەحموود خان (ناصر الملک) نارد تاکوو ئەم تیرەیە سەرکووت بکات. جوامێر و پێڕەوانی کە لە دەڤەری کەرکووکەوە بەرەو سەرپێڵ و دۆڵی ڕێژاو چوون و لەوێ نیشتەجێ بوون. ناصر الملک کە ئاگاداری ئەم هاتنە دەبێتەوە، سوپایەک ئامادە دەکات بە مەبەستی جەنگ دژی ئەم تیرەیە. دانەر هەر لە دوای پێشەکییەوە لە سەرەتاوە بە باسی خراپەی هەمەوەند دەچێتە ناو گێڕانەوەی ڕووداوەکان:

نخستین بگو آن گروه شریر — که شد جانشان طعمهء تیغ و تیر
که بودند چون بود هنجارشان — که این جا رسید ستم کارشان
گورهی ز کردان صحرانشین — که بودند از اهل ایران زمین
به کوهی بد از قرمسین جایشان — همه سیه خیه ماوایشان
هماوند بد نام آن قوم زشت — همانند با دیو اندر سرشت

(ل: ٢٨)

ئەم دێڕانە بیرهێنەرەوەی ئەو قسانەی مامۆستاکەیەتی (فیردەوسی) کە لە باسی زوحاکدا کە کورد بە ڕزگاربووانی دەستی چێشتلێنەرەکانی مارەکانی سەرشانی زوحاک دەزانێت، لەبارەی کوردەوە دەڵێت:

خورشگر بدیشان بزی چند و میش — سپردی و صحرا نهادند پیش
کنون کرد از آن تخمه دارد نژاد — که ز آباد ناید به دل برش یاد

(فردوسی، ١٣٩١: ٣٧)

دانەر دیسانەوە پاش ئەوەی کۆمەڵێک سیفەتی ناشیرین دەداتە پاڵ هەمەوەندەکان، بە پوختی ئاماژە بە ڕابردوویان دەکات کە بە هۆی ناکۆکییەوە بوونەتە دوو بەرە:

به تاراج و به دزدی برآورد نام — نجسته بجز رەزنی هیچ گام
نبد کارشان غیر خون ریختن — به همسایگان اندر آویختن
به صد سال از این پیش با — به بدکاره کوشش نهادند سر
چو کشتند از هم بسی آن — بشد نیمی از نیم دیگر ستوه
از آن نیم شد سست پای قرار — گرفتند در پیش راه فرار
گریزان برفتند تا مرز روم — که بودند نزدیک آن مرز و بوم
در آنجا که خوانی ورا شهرزور — نشستند با فکر و دستان و زرو
گرفتند نیز اندر آنجا به — همان پیشهء زشت و کردار
که دشوار از مردم بد سرشت — نگردد جدا خوی و هنجار زشت
به هرجا که کردند جای — به مال کسان برگشادند دست

(ل: ٢٩)

جوامێر زانی ناتوانێت بەرەنگاری ببێتەوە، بۆیە بیری لە چارەسەرێک کردەوە. بۆ ئەم مەبەستە خۆی گەیاندە لای ناصر الملک و داوای لێخۆشبوونی لێ کرد و داوای

لی کرد مۆڵەت بدات لە کرماشـــان نیشـــتەجێ بێت. ئەویش داوای پەســـند کرد بەو مەرجەی بچێت بۆ لای (ظل الســطان) کوڕی (ناصــرالدین) شــای قاجاری، فەرمانڕەوای، کوردســتان (ســنە)، لوڕســتان، خوزســاتن، کرماشــان و هەمەدان بوو، بەڵکوو ئەو مۆڵەت بدات و لاریی نەبێت لە نیشــتەجێبوونی جوامێر لە کرماشــان. جوامێریش چوو بۆ لای و داوای لێخۆشبوونی کرد لە کارە ناپەسندەکانی لە ڕابردوو و داوای نیشتەجێبوونی کرد. ظل السلطان، پۆزشەکەی پەسند کرد و وتی لە قەسرشیرین نیشتەجێ ببێت و هەروەها ساڵانە شەش هەزار زێڕی ناسریی بۆ برپییەوە بۆ ڕاییکردنی بژێو و کاری کشتوکاڵی بۆ خۆی و پێڕەوانی. هەروەها بڕێک زەویی کشتوکاڵیی خستە بەردەستیان تاکوو خەریکی کاری خۆیان بن، بەڵام لە ئەگەری سەرپێچیکردن سزا دەدرێن.

بە فەرمانی ناسرەدین شا، ناصرالملک ڕەوانەی شاری ڕەی کرا و لەجیاتی ئەو، حسام الملک میرتومان کرا بە فەرمانڕەوای کرماشـان. حسـام الملک جوامێری بانگ کرد بۆ لای خۆی و ئـامۆژگاریی کرد کە واز لە کـاری خراپە بهێنێت و ئیتر کـاری باش بکات. جوامێر بە ڕوواڵەت خۆی بە گوێڕایەڵی ئەو پیشـان دا، بەڵام دەسـتی کردەوە بە کاری خراپە و تاڵانیی خەڵک و ڕووتاندنەوەی کاروانی حاجییەکان و زیارەتکاران و کارە ناپەســندەکانی خۆی دەخســتە ئەســتۆی خێڵەکانی دیکەوە و بە ســوێندی درۆیینە کارە خراپەکانی دەشـــاردەوە. جوامێر دەیگوت لەبەر ئەوەی عوســـمانییەکان دوژمنیانن، ئەو کارانە دەکەن تاکوو ئابڕووی ئێمە ببەن. چونکە تیرەی هەمەوەندەکان لە ئەودیوی ســنووری عوســمانییەکان بوون و دەســتەیەکیان ســتەمکار و تاڵانچی بوون. جوامێر وای پیشـــان دەدا کە ئەم تاڵانییە کاری ئەو پێڕەوانی نییە. بەڵکوو تیرەی دیکە هەن کە کـاری خراپە دەکەن و دەیخەنە ئەســـتۆی جوامێر و پێڕەوانی. ئەمانەی دەگوت تاکوو پاشا لەو تیرانەی دی تووڕە ببێت و سەرکووتیان بکات.

پاش ماوەیەک حســـام الملک، ظل الســـلطانی لە کارە خراپەکانی جوامێر ئاگادار کردەوە و نامەی بۆ نووســـی و داوای ڕاوێژی لێ کرد کە چی لەگەڵ جوامێر بکات؟ ظل الســلطان فەرمانی ســەرکووتکردنی جوامێری دەرکرد و ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لەو ماوەیەدا جوامێر (٤٠٠) کەسی لە پێڕەوانی خۆی لە دیوی سنووری عوسمانی لە دەوری خۆی کۆکردبوووەوە:

| | |
|---|---|
| به هرجا یکی مرد بـد بـدنهـاد | بیـاوریـد و نزدیـک خود جـای داد |
| به هرجـا یکی مرد بـد بـدنهـاد | بیـاوریـد و نزدیـک خود جـای داد |
| ز خیــل همـــاونـد دزدان شـــوم | کـه بودند پرکنده در مرز و بوم |

یکـایـک به ایران نهـادنـد روی    ببســـتند خود را بدان زشـــتخوی
به اندک زمان چار صـــد زشـــت    نهانی به اطراف خود گردد کرد

(ل: ٥٨)

فەقێ قادر و پێڕەوانی کە دەســـتەیەکی دیکە بوون لە تیرەی هەمەوەندەکان، لە دەســـەڵاتی عوســـمانی یاخی بوون و ڕوویان کردە دیوی دەســـەڵاتی قاجاری و لەگەڵ جوامێر یەکیان گرت. ســـوڵتانی عوســـمانی نامەی بۆ شـــای قاجاری نارد و باســـی سەرکێشیی هەمەوەندەکانی لە دیوی دەسەڵاتی عوسمانیدا کرد. داوای لە ناسرەدین شا کرد ســـەرکووتیان بکات. ناســـرەدین لە وەڵامدا وتی: زاتی خراپەی ئەمانە ڕوو ناکاتە چاکە. کاتێک جوامێر چووبوو بۆ دەرگای شـــا و داوای لێخۆشـــبوونی لێ کردبوو. ظل الســـلطانیش داوای لە باوکی کرد لێیان خۆش بێت و شـــاش لەبەر دڵی کوڕەی، لێیان خۆش بووبوو. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێســـتـا لە بەڵێنی خۆی ســـەرپێچی کردووە، دەبێت سەرکووت بکرێن و سزا بدرێن.

به هرجـا یکی مرد بـد بـدنهـاد    بیـاوریـد و نزدیـک خود جـای داد
جوانمیـر بـد گوهر نـابکـار    همـان گوهر بـد نمود آشـــکار
به مـا بـود روشـــن همـی از    که آن دیو را نیست پیمان دوست
ولـیـکـن چـو فـرزنـد از مـا    که هر خواهشش در بر ما رواست
بـدادیم او را بـدان ملـک و راه    زر و خلعت و پایه و دســـتگاه

(ل: ٦٦)

دانەر لە هەر شـــوێنێک بیەوێت باســـی جوامێر و هۆزی هەمەوەند بکات، ســـەرەتا سیفەتێکی ناشیرینیان دەداتە پاڵ ئینجا باسەکەی دەکەت:

جوانمیر زشـــت اختر بـد نهـاد    بدیشـــان در جهانی گشـــاد

(ل: ٦٣)

لەلایەن ظل الســـلطانەوە نامەیەک بۆ حســـام الملک ڕەوانەکرا بۆ لەناوبردنی هەمەوەنـدەکـان. لەســـەر ئەو بنەمـایەی کە فەرمـانڕەوای کرمـاشـــان بە هزری خۆی لەناوبردنی جوامێر چارەســـەر بکات و ڕێگای هەڵاتنی لی بگرێت. حســـام الملک کە لەلایەن ظل الســـلطانەوە ڕاســـپێردرابوو تا جوامێر و چەکدارەکانی لەناوببات، بڕیاری دا بەجۆرێک بجووڵێتەوە کە جوامێر ئاگاداری نیازی ئەو نەبێت. بەوجۆرە نامەی بۆ جوامێر

نارد کە دێن بۆ جەنگی ئەو کوردانەی لە کەرکووکەوە هاتوون و داوای لێ کرد دەبێت هاوکارییان بکات. بەوجۆرە فریویان بدات و سەرکووتیان بکات.

سەرەتا خانعەلی خا یاوەری فەوخی شەشەم لەلایەن حسام الملکەوە لە پێشەوەی سوپاوە دارا لە زستانێکی سەختدا بەرەو زەهاو بەڕێکەوتن. دوای گەیشتنی حسام الملک بۆ زەهاو، جوامێر لە مانەوەی ئەم سوپایە لە زەهاو ئاگادار بووەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک ڕاوێژی لەگەڵ پێرەوانی خۆی کرد و بڕیاری دا لە ڕێگای خەزوورییەوە (میهرعەلی خان)، نامەیەک بۆ حسام الملک بنووسێت و ویستی خۆی دەربخات و ئامادەیی خۆی بۆ خزمەتی فەرمانڕەوا دەرببڕێت، بەڵکوو وڵامی باش بداتەوە و بچێت بۆ لای. بەڵام ئەگەر وا نەبوو، ئەوا دەبێت ئامادەی جەنگ بن. بەوجۆرە بوو کە حسام الملک وڵامی دانەوە و وتی با بێن، بەڵام ئەگەر سەرپێچی بکەن ئەوا سزا دەدرێن.

جوامێر بە شۆرزەییەکی زۆرەوە لەگەڵ (٢٠٠) کەس لە پیاوەکانی بەرەو ئوردووی حسام الملک کەوتنەڕێ. پیاوەکانی کەمیان دانا و ئەویش بە تەنیا چوو بۆ لای حسام الملک. ئەگەر جوامێر فریو بدات، بە ئاماژەیەکی ئەم، هێرشیان بکەنە سەر. بەڵام وا نەبوو و فەرمانڕەوا ئەوی پەسند کرد و ڕایسپارد جەنگی کوردانی کەرکووک بکەن کە خزمی خۆیان بوون:

| | |
|---|---|
| به هرجا یکی مرد بد بدنهاد | بیاورید و نزدیک خود جای داد |
| بگویم ترا راز خود بیش و کم | به من رفته فرمان ز شاه عجم |
| که از مرز کرکوک مردی | دلیر سرفراز کرد سترگ |
| فقیه است و دانشور و رهنمون | سرواش فراوان و خیلش فزون |

(ل: ١٠٧)

دانەر لێرەدا نەیتوانیوە خۆی لە پەسنی چاکەی فەقێ قادر بدزێتەوە. ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە لەناو ئەم هۆزەدا بەها و کەسایەتیی بەرز و باش هەبووە.

حسام الملک بەرەو قەسرشیرین بەڕێ کەوت و ئینجا داوای لە جوامێر کرد و وتی دەبێت جەنگی ئەو کوردانە کە لە خزمانی خۆتن، بکەیت و لە سنووری دەسەڵاتی قاجاری دەریان بکەیت و ڕادەستی دەسەڵاتی عوسمانییەکانیان بکەیتەوە. داوای لی کرد لێ کرد واز لە هەست و سۆزی خزمایەتییان بهێنێت:

| | |
|---|---|
| تو خویشی به همراه آن مردمان | که هستی به گوهر از آن دودمان |
| دل از مهر و پیوند ایشان بشوی | به فرمان شه راه کوشش بپوی |

(ل: ١١٢)

جوامێر ئەمەی پەسند کرد، بەڵام لەگەڵ پێڕەوانی خۆی دانیشت و بڕیاری دا بە ڕووالەت لەگەڵ کوردانی خزمی خۆی دەجەنگن، بەڵام لەژێرەوە ڕێکدەکەون و تەنها ڕاویان دەنێن. حسام الملک داوای لە جوامێر کرد (حەسەن کوڕی ڕەحیم) لە تیرەی هەمەوەند دەستگیر بکات. جوامێریش ئیسماعیل خانی برای و عەزیز بەگی شەرەفبەیانیی ڕاسپارد ئەو ئەرکە ئەنجام بدەن. ئیسماعیل کەسێکی ڕاسپارد کە حەسەن ئاگادار بکاتەوە و خۆی دەرباز بکات، چونکە سوپای ئێمە بۆ جەنگی ئێوە دێت. حەسەن هەڵات و سوارەکانی حسام الملک هەواڵی هەڵاتنەکەی حەسەنیان پێ گەیاند. ئەمیش بە فێڵەکەی ئیسماعیلی زانی و زیندانیی کرد:

| | |
|---|---|
| سپهبد شد آگاه از کارشان | وزان حیلت و زشت هنجارشان |
| اسماعیل را گفت ای نابەکار | حرامت شود نعمت شهریار |
| برآنی نیم آنگه از بند تو | ببرم کنون بند از بند تو |

(ل: ١١٦)

شاموراد خانی ئەحمەدوەند لەلایەن حسام الملکەوە ڕاسپێردرا بۆ جەنگ دژی حەسەن. حەسەن بە دەستی ئەو کوژرا و سەریان بردەوە بۆ حسام الملک. شامرادخان گەڕایەوە بۆ لای ئەمیر. ئەمیر ئافەرینی لێ کرد بۆ ئازایەتییەکەی و سەری حەسەنی دا بە جوامێر تاکوو بینێژێت. جوامێر بەم ڕووداوە زۆر دڵگران و پەرێشان بوو.

| | |
|---|---|
| به نزدیکی باره زشتخو | نگه داشتند سر کینەجو |
| جوانمیر زان کار شد روی زرد | به نزد سپهبد بسی لابه کرد |
| ستاند آن سر و در نهفتش به خاک | جهان گشت از آن مرد ناپاک پاک |

(ل: ١٢٤)

حسام الملک جوامێری ڕاسپارد تا لەگەڵ بەشێک لە فەوجی گۆران بڕۆن بۆ جەنگ دژی سوارەکانی فەقێ قادر. جوامێر کەوتە جووڵە و تێکشکاندن و سەرکردانیانی ڕادەستی عوسمانی کرد. جوامێر لەگەڵ پیاوەکانی بڕیاریان دا شەو هێرش بکەنە سەر ئوردوی حسام الملک و هەموویان بکوژن و ئاگریان تێ بەردەن:

| | |
|---|---|
| چنین گفت دژزیم حیلت سگال | که ای پهلوانان با برز و یال |
| چو از شب زمانه شود قیرگون | درآید یکسر به زین هیون |
| به اردوی دشمن شبیخون کنید | زمین را ز خون چون طبر خون کنید |

(ل: ١٣٥)

یەکێک لە خۆیان هەواڵی دا بە حسام الملک. ئەمان کەوتنە خۆیان و گەمارۆیان دان:

گروهی پیاده گروهی سوار — برفتند زی صفدر نامدار
جوانمیر آن بد نژاد پلید — چو میر مهین را به سنگر بدید
به همراه یاران بد روزگار — همه غرق در آلت کارزار
برون آمد از باره چون پیل مست — بیامد بر میر یزدان پرست
به همراه یاران بد روزگار — همه غرق در آلت کارزار
برون آمد از باره چون پیل مست — بیامد بر میر یزدان پرست

حسام الملک دوای ئەوە هێرش سەکاتە سەر قەڵای جوامێر و داگیری دەکات. ژن و پیاوەکان بەدیلل دەگرن و قەڵاکە تالان دەکەن. ژن و کچەکان ڕادەستی کوێخای قەسرشیرین دەدەن.

حسام الملک، مەحموودخانی سەنجاوی ڕادەسپێرێت بۆ گرتنی براکەی جوامێر لە سەرپێڵ زەهاو، مەحموودخان بەو ئەرکە هەڵدەستێت و سەری ئەو دێنێتەوە. لەکاتێکدا سوپای هەمەوەند هەموو هەڵاتبوون و لەنێوچووبوون.

کەلبعەلی خان کشیکچی باشی سەرتیپی خێڵی زەنگەنە لەلایەن حسام الملکەوە ڕادەسپێردرێت بۆ جەنگ دژی جافەکانی موردای، ئەویش تێکیاندەشکێنێت و سەرانیان بەدیل هێنران بۆ حسام الملک. لەلایەن ناسرەدین شاوە تێلگراف بۆ حسام الملک کرا تا جوامێر و پیاوەکانی بکوژن و سەریان ڕەوانەی دەربار بکەن:

جوانمیر و یاران او را به تیغ
ببر سر ز کشتن مفرما دریغ

(ل: ١٥٩)

حسام الملک لە دوای تێلگرافەکەی شا، بڕێک لە دیلەکانی هەمەوەندی ڕادەستی عوسمانییەکان کرد و بڕێکیشیانی لەگەڵ خۆی برد بۆ کرماشان و ژنان و دیلەکانی دیکەی ڕادەستی کوێخای قەسرشیرین کرد. هەروەها سەری دژبەرەکانی لەگەڵ خۆی بردەوە بۆ کرماشان کە بووە هۆی خۆشحاڵی خەڵکی شار. دیلەکانی هەمەوەند بە فەرمانی حسام الملک کوژران و سەریانیان نارد بۆ ظل السلطان بۆ ئیسفەهان.

دانەر لەدوای گێڕانەوەی ڕووداوەکان، ئاماژە بە ساڵی نووسینەوەی بەرهەمەکەی دەکات و کۆتایی بە کتێبەکەی دێنێت.

**ئەنجام:**

١. هۆزی هەمەوەند کە هۆزێکی کوردن، لە سەرەتای سەدەی ١٩ز بەهۆی چالاکییەکانیانەوە لە یاخیبوون لە دەسەڵاتی عوسمانی و قاجاری، و ململانێیەکانیان لەگەڵ هۆزەکانی دیکە، دەرکەوتن و ناوبانگیان بڵاوبووەوە.

٢. دەرکەوتنی هۆزی هەمەوەند لە ڕووداوەکانی گۆڕەپانی کوردستاندا، بەشێوەیەکی فراوان ڕەنگی داوەتەوە لە بەڵگەنامەکان و کتێبە مێژووییەکان و گەشتنامەی بیانییەکان و لەوانەش سەرچاوە شیعرییەکان.

٣. ڕەنگدانەوە و وێنەدانەوەی مێژوو و چالاکییەکانی هۆزی هەمەوەند، بەزۆری بە ڕووانینی نەرێنییانەوە بووە بۆ ئەم هۆزە، واتە بە زۆری باسی خراپەی ئەم هۆزە دەکرێت و وێنەیەکی ناشیرینی پێ دراوە. تەنانەت لە سەرچاوە خۆماڵییەکانیشدا.

٤. بەڵام سەرچاوە شیعرییە کوردییەکان لە باسی هۆزی هەمەوەندا، دوو دەستەن، دەستەیەک بە ڕووانینی نەرێنییەوە باسیان دەکەن و دەستەیەک بە ڕووانینی ئەرێنییەوە. دەستەی یەکەم تا ئاستێک شاعیری زمانحاڵی هۆزی خۆیەتی و دەستەی دووەم شاعیرانی نەتەوەیین.

٥. وێڕای ئەو هەمووە هەوڵە بۆ ناشیرینکردنی ئەم هۆزە، بەڵام هەم لە نێوخۆ و هەمیش بێگانە نەیانتوانیوە خۆیان لە پەسنی چاکەیان ببوێرن.

٦. کتێبی دەستنووسی (مەسعوودنامە) یەکێکە لەو سەرچاوە مێژووییانەی کە بە شێوازی شیعر و بە زمانی فارسی، ڕووداوەکانی سەردەمی دەرکەوتنی جوامێر ئاغای هەمەوەند دەگێڕێتەوە تا لەناوبردنی. چونکە لە دیدی نەیارەوە نووسراوەتە، زۆرترین ئەدگاری ناشیرینی داوەتە پاڵ سەرکردە و هۆزی هەمەوەند.

٧. لەبەر ئەوەی دانەر بە شێوازی فیردەوسی بەرهەمەکەی هۆنیوەتەوە، بۆیە هەموو ئەو ئەدگارە ناشیرنانەی فیردەوسی بەکاریهێناوە بۆ وەسفی دوژمانی ئێران و دێوەکان، لە مەسعوودنامەدا دژی جوامێر ئاغا و هۆزی هەمەوەند و تەنانەت کوردیش بەکارهێنراون.

## ئەلبوومی بەڵگەنامەکان:



وێنەی-١: نموونەی لاپەڕەیەک لە دەستنووسی (مسعودنامە) باسی دۆخی هۆزی سەرکێشی هەمەوەند چەلەبی.



وێنەی-٢: بەڵگەنامەی بڕیاری لەناوبردنی جوامێر ئاغا و دوورخستنەوەی هۆزی هەمەوەند لە ئەرشیفی قاجاریدا.



دولیه‌نك نه‌دن عبارت اوله‌جغی سؤال یولنده اوستریه حکومتی طرفندن روسیه‌یه نوطه کوندرلمش. فقط هنوز بونك جوابی آلنه‌مامشدر.

ولایات

حکومت سنیه جانب عالیسندن بلغارستان هیئت حاضره‌سنه خطاباً واقع اولان تبلیغات اخیره بلغارستان ارباب اموریی بیوك تردد ایچنده براقمشدر. برطاقی رد ایله جواب ویرلمسنی تکلیف وتوصیه ایتدکاری حالده بوکبی حرکتك نتایج وخیمه‌سندن خوف ایدن اکثریت نه یاپه‌جغنی شاشیروب قرار قطعی ویرمکدن عاجز قالمشدر. فقط هرحالده شرائط درمیان اولنمقسزین پرنس فردیناند فدا ایدلیه‌جکی اقوای احتمالاتدندر.

— بلغارستان امارتی باب عالی طرفندن شرقی روم ایلی حدودنده کمرك قوردونلرینك تشکیلنی امر ایدنجه کندوسی قوردونلری قالدیرمشدر. بلغارلرك بونمایشلری جدی ایسه شمدی‌یه قدر بوتدبیره مراجعت اولنمدیغنه بحق تأسف اولنور.

— بلغارستان هیئت حاضره‌سنك کله‌جك بش سنه‌نك ویرکوسنی بردن وپشیناً اخذ ایتمك تشبثنده

— موصل ایله شهرزور اره‌لرنده‌کی قطعهٔ جسیمه‌نك همومند عشیرتنك تجاوزات جنایتکارانه‌لرینه هدف اولدیغی ایشدلمکده‌در. یارم ایش کورمك ایله هیچ کورمامك بیننده بیوجك فرق اولمدیغی بونکله‌دخی ثابت اولدیغندن مأموریت مخصوصه ایله تکرار اوطرفه کیده‌جك اولان دولتلو اسماعیل حقی پاشا حضرتلرینك قاعدهٔ مذکوره‌یه لازم کلانلره بودفعه تطبیق حرکت ایتدیره‌جکی قویاً مأمولدر.

— همومند عشیرتنك تجاوزات جدیدهٔ طاقت فرساسی حقنده کرکوکدن الدیغمز ورقهٔ مخصوصه‌ده صوك بر بچق آی ظرفنده صلاحیه قضاسی داخلنده درت پاره قریه یاقیلوب ییقلدیغی واون قدر کاربان اورلدیغی و یوزه قریب آدم تلف ایدلدیکی خبر ویریلیور. بروقتدنبرو موصل ایله سلیمانیه بیننده‌کی یولدن آدم کچه‌میور ایمش.

— انطالیه‌ده ظهور ایدن صغر وقیون خسته‌لکی حکومت سنیه‌نك نظر دقتنی جلب ایتمش اولدیغندن تدابیر مقتضیه‌نك همان اتخاذی مجزومدر.

— استانکوی جزیره‌سنده مدنیت عتیقهٔ یونانیه‌یه متعلق بعض اثار عتیقه‌نك کشف اولندیغی بیان اولنیور.

وێنەی-٣: باسی هۆزی هەمەوەند لە ڕۆژنامەیەکی تورکیی سەردەمی عوسمانیدا.




وێنەی-٤: دەڤەری نشیمەنی هۆزی هەمەوەند لە سەرچاوەیەکی بەریتانیدا.


SIMLA RECORDS.

1887

FOREIGN DEPARTMENT.

EXTERNAL A.

Pros. June 1887, Nos. 17–19.

Proceedings of the Turks against the Hamawand Kurds on the Perso-Turkish frontier.

IES OF INDIA

وێنەی-٥: لاپەڕەی یەکەمی ڕاپۆڕتێکی ئینگلیزەکان لەبارەی هۆزی هەمەوەندەوە کە مێژووی ساڵی ١٨٨٧ی زایینی لە سەرە.



وێنەی-٦: فۆتۆی جوامێر ئاغا و ژمارەیەک لە هاوەڵانی.



وێنەی-٧: بەڵگەنامەیەکی عوسمانی بە زمانی تورکی لەبارەی هۆزی هەمەوەندەوە.

## سەرچاوەکان:

### کوردی:


١. پیرەمێرد، حاجی تۆفیق. (٢٠٠٧). دیوانی پیرەمێردی نەمر، کۆکردنەوە و پەراوێزنوسینی: محمد رسول (هاوار). سلێمانی: چاپخانەی شڤان – ز: ٢٥.

٢. پیرەمێرد، حاجی تۆفیق. (٢٠٠٧). سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، ب(١-٢-٣) کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: فائق هوشیار، مستەفا ساڵح کەریم، مەحموود ئەحمەد محەمەد، محەمەد نووری تۆفیق، ئەحمەد زرنگ. سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

٣. تاڵەبانی، شێخ ڕەزا. (٢٠١٠). دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، ساغکردنەوە شەرحی، شوکر مستەفا. هەولێر: بڵاوکراوەی ئاراس- ژ: ٩٩٩.

٤. حەمدی، ئەحمەد بەگ. (٢٠١٣). دیوانی حەمدی، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا خدر مەولوود. چ٥. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٥. خۆشناو، هێمن عومەر. (٢٠٢١). فەقێ قادری هەمەوەند لە بەڵگەنامەی عوسمانی و قاجاریدا. سلێمانی: دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران – ز: ٣٢.

٦. جرارد، ماتیگۆ گیلبێرت. (٢٠٢١). سەفەرێک بە نێو کوردستاندا زستانی ١٨٨١ – ١٨٨٢. وەرگێڕانی کەمال حەسەنپوور. سنە: وەشانخانەی مادیار.

٧. ڕێتۆری، ژاک. (٢٠٠٨). گەشتنامەی مسیۆنێرێک بۆ ناوچەکانی کەرکووک و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵڵا. سلێمانی: بنکەی ژین-ژ: ٩٨.

٨. سۆن، مێجەر ئی. بی. (٢٠٠٧). چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو. وەرگێڕانی نەجاتی عەبولڵا. سلێمانی: بنکەی ژین – ژ: ٦٩.

٩. سۆن، مەیجەر ئی. بی. (٢٠١٨). گەشتێک بۆ میسۆپۆتامیا و کوردستان لە بەرگی نادیاردا لەگەڵ تێبینییەکان لەبارەی تیرە و خێڵەکانی کورد و کلدانەکانی کوردستانەوە. وەرگێڕانی مینە. سلێمانی: بڵاوکراوەی کتێبخانەی یادگار.

١٠. صابری، شێخ نەجمەدین. (٢٠١٧). دیوانی صابری ١٨٨١ – ١٩٤٤ز. محمد طیب. چ٤. سلێمانی: کتێبخانەی الحفید.

١١. قەرەداغی، محەمەد عەلی (٢٠١١). بووژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد لە ڕێگەی دەستخەتەکانیانەوە، ب٦، هەولێر: بڵاوکاراوەی ئاراس-ژ: ١١٧٤.

١٢. قانع، محەمەد کابولی. (٢٠١٤). دیوانی قانع شاعیری چەوساوەکانی کوردستان، کۆکردەنەوەی بورهان قانع. سنە: پەخشانگای پانیزە.

١٣. عبدالبقایی، نفیسە السادات. (١٣٩٤). نسخەء خطی فتح نامە حسام الملک اثر احمد کرمانشاهی (بررسی حوادث تاریخی)، مجموعەء مقالەهای دهمین همایش بین المللی ترویخ زبان و ادب فارسی. اردبیل: دانشگاه محقق اردبیلی.

١٤. غەفوور، میرزا. (١٩٩١). دیوانی میرزا غەفوور ١٨٧٠ – ١٩٣٨ز، ئامادەکردنی عەبدوڵڵا ئاگرین. بەغداد.

١٥. کاکەیی، میرزا خەلیلی منەووەر. (٢٠٠٦). دیوانی میرزا خەلیلی منەووەری کاکەیی ١٨٧٨ – ١٩٢٣ز، کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هەردەوێڵ کاکەیی. هەولێر: بڵاوەکراوەی ئاراس – ژ: ٤٤١.

١٦. کەریم بەگ، دارا. (٢٠١١). هۆزی هەمەوەند لە ژیانی ئاوارەییدا. سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

١٧. کۆیی، حاجی قادر. (١٣٩٠). دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا. سنە: بڵاوکراوەی کوردستان.

١٨. لۆیمەر، جۆن گۆردن. (٢٠٢٠). سەفەرنامەی جۆن گۆردن لۆیمەر بۆ باشووری کوردستان نیسان و مایسی ١٩١٠. وەرگێڕانی ڕەوەند سەباح. سۆران: دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران – ز: ٢٥.

١٩. مەلا موحەمەد، مەحوی. (١٣٩٠). دیوانی مەحوی، مەلا موحەمەدی مەلا عوسـمانی باڵخی، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و موحەمەدی مەلا کەریم. تهران: نشر: آنا.

٢٠. مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم و فاتیح عەبدولکەریم. (٢٠٢١). کۆمەڵە شـیعری فەقێ قادری هەمەوەند. ئامادەکردن و ڕێکخستنەوەی: کاروان عوسمان خەیات. هەولێر: دەستنووسخانەی زانکۆی سۆران و نووسینگەی تەفسیر. زنجیرەی گەنجینەی ئەدەبیاتی کوردی کۆن و نوێ (٦).

**فارسی:**

٢١. الهامی، میرزا احمد. (قرن ١٣هـ . ق). کتاب خطی (مسعودنامه). تهران: کتابخانه مجلس شورای اسلامی ایران.

٢٢. قطب، شێخ محمود. (سەدەی ١٩ز). دەسـتنووسـی کتێبی (الاشـرافیه) یان (بحر الانسـاب). بەغداد: دار المخطوطات العراقیه، ژمارە دەستنووس: ٣٨٦١٦.

٢٣. واحد نشـر (١٣٦٩). گزیده اسناد سیاسـی ایران و عثمانی ١٢٧١ – ١٣١٣ دورهء قاجاریه، ج٢. تهران: دفتر مطالعات سیاسی و بین المللی.

٢٤. جاف، کریم بیگ فتاح بیگ. (٢٠١٢). تاریخ جاف. ترجمه و حواشـی و تعلیقات: علی سلطانی. اربیل: انتشارات آراس.

٢٥. فراهانی، میرزا صادقخان امیری ادیب الممالک. (١٣١٢). دیوان کامل. به تدوین و تصحیح و حواشی وحید دستگردی. تهران: مطبعه ارمغان.

٢٦. فردوسی، ابوالقاسم. (١٣٩١). شاهنامه. پژمان پورحسن. تهران: ١٣٩١.

## قبيلة هموند بين الشعر الكردي والفارسي

## الشعر الكردي الكلاسيكي ومسعودنامه على سبيل المثال


**الملخص:**

تاريخ القبائل جزء من تاريخ الأمم. وينطبق هذا بشكل خاص على تاريخ الشعب الكردي، لأنه حتى الآن يتكون الشعب الكردي من عدد كبير من القبائل، التي لعب بعضها دورا رئيسيا في تاريخ كردستان وحتى خارج جغرافية كردستان. مثل قبيلة الهذاباني بقيادة صلاح الدين الأيوبي. قبيلة هموند هي إحدى القبائل الكردية التي ظهرت بشكل ملحوظ في القرن التاسع عشر وكان لها تأثير كبير في شرق وجنوب كردستان بسبب نشاطها. إلى حد ما، ينعكس ذلك في السجلات. مثل: الوثائق والكتب التاريخية و الرحلات والصحف والتقويمات. وهكذا الشعر أحد من المصادر.

ويعد كتاب مسعودنامه المكتوب بالشعر وباللغة الفارسية أحد المصادر التي تحكي بشكل عام عن جزء من تاريخ هموند. تتم إعادة كتابة السرد من وجهة نظر الآخر الخصم، لذا فهو ليس سردا محايدا. وبالإضافة إلى هذا الكتاب، سيناقش هذا البحث أيضا قبيلة هموند في المصادر الشعرية الكردية والجوانب الإيجابية والسلبية لآراء الشعراء الكرد حول هذه القبيلة.



**الكلمات الدالة:** *قبيلة هموند، جوامر آغا، الشعر الكردي، مسعودنامة.*

## Hamwand tribe between Kurdish and Persian poetry

## Classical Kurdish poetry and Mas'udnameh, as example

**Abstract:**

The history of tribes is part of the history of nations. This applies in particular to the history of the Kurdish people, because until now the Kurdish people consist of a large number of tribes, some of which have played a major role in the history of Kurdistan and even outside the geography of Kurdistan. Such as the Hazabani tribe, led by Saladin Al-Ayyubi. The Hamawand tribe is one of the Kurdish tribes that appeared significantly in the 19th century and had a great influence in eastern and southern Kurdistan due to its activity. To some extent, this is reflected in the records. Such as: documents, historical books, travel stories, newspapers, and calendars. One of these sources is poetry.

The Mas'udnameh, written in poetry and in the Persian language, is one of the sources that generally tells part of the history of Hamawand. The narrative is rewritten from the point of view of the opposing other, so it is not a neutral narrative. In addition to this book, this research will also discuss the Hamawand tribe in Kurdish poetic sources and the positive and negative aspects of Kurdish poets' opinions about this tribe.

**Keywords:** *Hamawand tribe, Jiwamer Agha, Kurdish poetry, Mas'udnameh*